کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# بەشێك لەقەسیدەی پیتەكانی پایز

کەژاڵ ئیبراهیم خدر
Kazhal_3@hotmail.com



پیربوون لە بیابانی تەمەنەوە، بە پێی پەتی،
خۆی دەکات بە کۆڵانەکانی جەستەدا.
دەستێکی پڕە لەبەفرو سپی دەچێ،
ئەوەی تری بەهەڕەشەکانی یەزدان.
کە دێت لەسەر بیابانی جەستەدا،
ئەفسانەی وێران بوون دەنوسێتەوە.
بەسەر لێوە سورەکانیدا ڕەتدەبێ و
ڕەنگەکان لەگەڵ خۆیدا دەبات.
سەردەدات لەرۆح و
هەنارە ناسکەکانی باغەکەی دەڕنێتەوە
سێو لەدەستەکان دەسەنێ و
پرپریان دەکات لەدوعا،
لێوان لێو دەبن لە نزا،
لەو ساتەدا چاوەکان بەسەر دەکاتەوەو
تەماشایان دەخاتە نێو بینایی خۆیەوە.
کەپیربوون دێت،
هەموومان پیتەکانی چرکەووشەکانی خولەك و
ڕستەکانی کاتژمێر وون دەکەین،
کەدێت زەمەن لە نێو خۆڵی کەنارەکان بزر دەبێ و
ئێمەش سەرگەرمی پیاسە جەنگەڵیەکەی خۆمانین
پیربوون دێ و
ئێمە حیکایەتی جەستەو هێزی بیرو
چرای چاومان لێ وون دەبێ،
تاڵی ڕەش و سنەوبەری ڕۆحی گەنجی بزر دەبێ و
نایەنەوە
دەبێ لەوەسیەتی دارستان و
ئەفسانەکانی دارەمەیتا بۆی بگەڕێن،
من ئێستاکە تەنها چەند پاسارییەکی تەمەن خۆرە دەناسم.
ئەوان، هێلانەیان لە نێو جەستەو روحی مندا دروست کردووە
گەورە دەبن و دەنکە هەنارەکانی لێوم دەخۆن
تەماشام دەدەنە بەرقارس و

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له نیشتیمان دەستەکانی،
جوانیەك * ئەخولٚقێنن....
پیری، تازە لەباغی تەمەنی مندا
چاوەکانی تروکاوە ،دەمێك نیە
نواڵەیەکی بەفری لەنێو سەبەتەیەکی قژمدا
دروست کردووەو
دڵمی لەئاگردانەکانی سۆزدا دەرهێناوە
من له بیرمە کاتیٚ پیربوون،
شەرمنانە لەدەرگای تەمەنی منی دا
لەپشت دەرگاکانی چرکەوە
هاتە قسە:"ژیان یانسیبێکی گەورەیەو
براوەی تێدانیە،
مردن نەفرەتیەکی جوانەو خواوەند کەسی لێدەرناکات،
بەلاٚم له نێوانی ژیان و مردن من هەم،
من پیربوونم،
لەوەتەی هەم بەرلەوەی چراکان بکوژێنەوە،
بەشێك له رووناکیان لێدەدزم،
بەرلەوەی رستەکانی تەمەنیان بسرٍمەوە
بەشێك لەپیتەکانیان وون دەکەم".بەشەرمەوە پیربوون،
کارنامەی فرمانە ترسناکەکانی خۆی دەخوێندەوە
"ئێوە هەرگیز لەدەستی من،
بۆهیچ پەنایەك راناکەن،
قەدەری چارەنووسی ئێوەم پێیە،
حیکایەتو ئەفسانەم بۆ هێناون..
من لەلای خواوەندەوە هاتووم..
دیاری ئەوم پێیە بەر لەمردن،
پیربوون نەفرەتێکی جەستەیەو
بەر لەمردن خواوەند بە مرۆڤەکانی دەبەخشیٚ
پشوویەکە ،لەنێوانی ژیان و مەرگ
خودا بۆ بەندەکانی جیٚ دێلٚیٚ....
پەنجەرەکانتان دامەخەن،دەرگاکانتان ،
لەسەرگازەلاٚی پشت بکەنەوە..
هاکا خۆمان و سوپامان گەیشت..

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سەربازەکان دەستێکیان پڕە لەبەفر
بۆ نێو دارستانەکانی سەرتان و
دەستەکەی تریش پڕە لەمەرگ
ئەگەر ئەمڕۆش دەسەتەکانمان هەر دووك نەگەن،
تۆزێك بەفرت پێ ئەبەخشن
زۆر دەمێك نیە پیربوون گەیشتووە،
سوپاکەیان تا ئێستاکە،
پێ بەپێ دێ بەرەو رووومان...
یەکەم جاربوو کەهات بۆ لام، من مرواری چرکەکانم
دڵۆپ، دڵۆپ لەدەستەکانم هەڵوەری
خولەك، خولەك و کاتژمێربەکاتژمێر، وون دەکرد
قەلاَکانی عومرم بەدەست رەشەبای پیربوونەوە،
تۆزو گەردی چرکەکانیان هەڵدەگرتم و لێم وون دەبوون...
لەوەتەی (ئاو) گەیشتووە.
لەماڵە شوشەییەکەی خۆم دانانیشم،
روبەڕو لەگەڵ ئاوێنەدا قسە ناکەم
لەجۆگەلەکان ئاو ناخۆمەوە
نەبادا شوشەو ئاوێنەو جۆگەلە
(خۆم)نیشانی(خۆم)بدەن
نەبادا ،دارسنەوبەرە سپیەکانی قژ دەربکەوێو
هەڵوەرینی گەلاَی دەستم ببینم
ئەم پایزە نەفرەتیە ،
بەخۆیو حیکایەتە خەتەرەکانیەوە،
دەیەوێت لەناو شاباڵی جێگادا من نەخەوم و
سەیری قەتارەی کاروانی چرکەیەك بم
لەقەدەری تێپەڕینی تەمەن و
بچووك بوونەوەی خەوندا ،خۆم بخەوم.
ئیدی منیش ئەی پیربوون رێگانادەم تۆ بگەی،
لەوە زیاتر پەنجەرەکان بۆتۆ ناکرێتەوە،
دەرگاکان ناخرێنە سەر گازەلاَی پشت،
ئیدی لەتۆ ، نە حوزنم دەوێ و نەخەون
بڕۆ پیربوون جارێکی تر
سەرنەکەی بە کۆلاَنەکانی جەستەمدا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com